
# لە کوردستاندا.. هونەرێکی ون




تاریق کاریزی

جوانی، بەدەر لە کرۆکی فەلسەفییانەی، خواستێکی سادە و خۆڕسکی هەموو مرۆڤێکە. ئاوڕدانەوە لەو خواستە خۆڕسکە و داواکردنی، لە لای منداڵیش هەستی پێ دەکرێت. مرۆڤ کە گیاندارێکی ئەفرێنەرە، کەڵکەبوونی ئەفراندن و داهێنانی ئەو، شارستانیەتی لێ کەوتەوە. ئەگەرچی شارستانیەت بە پێی شوێن و کات، هەمەڕەنگییەکی زۆری تێدایە، بەڵام خاڵێکی بە تینی هاوبەش، تێکڕای ئەو هەمەڕەنگییەی شارستانیەت کۆدەکاتەوە. جوانی (ستاتیکا) لە نێو هەموو شارستانیەتەکاندا رەگەز و توخمێکی ئامادەیە. ئەمەیە خاڵە هاوبەشە بەتینەکە. شارستانیەتێك نییە کوێر و نابینا، بەڵکوو هونەر، بینایی و چاوی هەموو شارستانیەتێك بووە.

لە نێو دنیای جوانی و هونەریشدا، هونەری شێوەکاری و تەرزەکانی، ئامادە بوونێکی باڵای لە هەموو رواڵەتێکی شارستانیدا هەیە. تەنانەت هونەر بووە بە کاراترین توخمێك بۆ پیشان دانی شکۆی دێرینی شارستانیەتەکانی جیهان. لە رێی هونەری تەلارسازی و نیگار و پەیکەرەوە، مرۆڤ تێ دەگات فیرعەونی چ شارستانیەتێکی باڵایان هەبووە. هەمان پێوەر دەرهەق بە هەموو شارستانیەتێکی دی دروستە. ئامادە بوونی هونەر تەنیا لە ئاست شارستانیەتی رابردوودا قەتیس نییە، بەڵکوو سیمای هەر شارێکی مۆدێرن، ناشی و ناحەز و نەگونجاوە، ئەگەر هونەر خۆی تێدا نەنوێنێ. خۆ ئەگەر وردتر بچینە نێو دنیای جوانییەوە، ئەو راستییەمان دێتە پێش، کە بەڵێ هەرچەندی هونەری تەلارسازی جوانی و ستاتیکای هونەری تێدا بەرجەستە بێت، بەڵام ئەم هونەرە هەردەم وابەستە بە جۆرێك لە ریتمی ئەندازە و خواستی کردەییانەی ژیان و رەمەکە، نەك ئەوەی بەدەم عەشقی جوانی و کەماڵەوە بچێت. ئەوەی زیاتر بە دەم خواستی جواندۆستی و جوانخوازی و هەستی ستاتیکاییانەی مرۆڤەوە بێت، هونەری شێوەکارییە، لە نێویشیدا بەتایبەتی هونەری پەیکەر و نیگار و سیرامیك، لە پاش ئەوان هونەرەیلی لاوەکیی شێوەکاری دێن.

ئەو وڵاتانەی کەوتوونەتە سەر رێچکەی پێشکەوتن و لە ریزی پێشەوەی کاروانی شارستانیەتی سەردەمدان، بایەخێکی تایبەت و شایستە بە هونەری شێوەکاری دەدەن. بایەخ دان بە هونەری شێوەکاری، بە دیوێکدا خواستێکی کەماڵانەیە، کە هەر دوای تێر کردنی خواستەکانی رەمەك، مرۆڤ دەکەوێتە سەر باری پەیدۆز کردنی جوانی و کەماڵ. هەر شتێکیش بچێتە بازنەی جوانی و کەماڵەوە، بە جۆرێك لە جۆرەکان هونەرئاراییە. دەکرێ بڵێین، ئەو جوانییەی مرۆڤ تەنانەت لە هەڵبژاردنی رەنگ و دیزانی جل و بەرگی خۆشی، هەوڵی بۆ دەدات، ئەویش لە دنیای هونەر دوور نییە. ئیدی دەکرێ بەرەو هەموو کونج و کەلەبەرێکی ژیان، بە ورد و درشتیدا شۆڕ ببینەوە، لەم شۆڕ بوونەوەیەشدا، وردەکاریی هونەر لە هەموو شوێن و کاتێکدا بەدی دەکەین. هەڵبەت، هونەرێك هەیە باڵایە، بەدەم خواستی ئەفرێنەرانە و خەیاڵ و ئەندێشەی مرۆڤەوە دێت، ئەو تەرزە هونەرە بە هونەری جوان[*] ناسراوە.

ئەو هەڵگری جوانی و واتایە، وەك گوتاری دیدەیی و دەقی جوان و



ستاتیکی دێتەپێش. واتە بەرهەمی ستاتیکییە.


قسەی هەستەوەر لێرە بە دواوە، لە ئاستانەی ئەم هونەرانەوە، هونەرەیلی جوانەوە دەست پێ دەکات. قسە کردنمان بە باری رەخنەدا نییە، هێندەی کە پێمان وایە دۆخێك لە وڵاتی ئێمە، لە کوردستاندا لە ئارادایە، کە هەژارییەکی کوشندە لە باری هونەری شێوەکاری بەدی دەکرێت. پێی ناوێ بە دوای پاساودا بگەڕێین. ئەم هەژارییە زادەی هەلومەرجی وڵاتێکە، کە گەلەکەی لە تێکۆشانێکی سەرسەختانەدایە بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و سەربەخۆیی. خۆ رەنگە ئەو تێکۆشانەش تەنیا هۆکاری ئەم هەژارییەی دنیای ستاتیکامان نەبێت، بەڵکوو کەلتووری هونەردۆستی لە ئاستی جڤاکیشدا کزە، تا ئێستا لە نێو جڤاکی کوردەواریدا، هونەری شێوەکاری هێندە بە ئاست و چاوێکی بڵند تەماشا ناکرێت، یان وردتر بڵێین، بە دیوێکی دیکەدا، رەنگە ئەم هونەرە وەك بەرهەم و کاڵایەکی ستاتیکا و کەماڵ، لە ئاستی خواست و پێویستدا نەبێت. بۆ بە گوڕهێنان و بەگەڕخستنی بوارەکە، پێموایە دانانی پلان و بەرنامەڕێژی لە بواری پەروەردە و کەلتوور و میدیا، رەنگدانەوەی ئەرێنیی دەبێت، بۆ بەدی هێنانی وەرچەرخانێك لە بواری ئامادە بوونی هونەر لە ژیانی خەڵکی کوردستان، هەروەها لە رواڵەتەکانی ئاوەدانی و شارستانیانەی جوگرافیای نیشتەجێ بوونی وڵاتمان.

ئەم هەژارییەی ئێستا هەیە، رەنگدانەوەی هزر و بیری مرۆڤی کورد نییە. بڕوانە ئامادە بوونی فراوان و باڵای هونەری ستران و مووزیك، شایی و هەڵپەڕکێ لە ژیانی مرۆڤی کوردستانیدا. ئەوە دەیسەلمێنێ، کە هەستی جوانخوازانە و ویستی حەز بە ستاتیکا لە لای مرۆڤی کوردستانی لە ئاستێکی باڵادایە. لەگەڵ ئەوەشدا رەوشەکە پەیوەست بە هونەری شێوەکاری نەك وا ناڵێ، بەڵکوو وێنەیەکی نیمچە پێچەوانە پیشان دەدات. بێ لەو دوو فاکتەرەی پێشتر وەك هۆکاری ئەو هەژارییە ئاماژەمان پێ دان، ئێمە ناکرێ فاکتەری باوەڕیش فەراموش بکەین. ئەمیش سێبەری خۆی بە سەر کەشەکەدا کشاندووە. ئەمڕۆ لە کوردستانی باشووردا، دوو کۆلێژ و دە پەیمانگای هونەرەیلی جوان هەن، لە هەر هەموویاندا بەشی شێوەکاری هەیە. ئەو بەشەش لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئەو کۆلیژ و پەیمانگایانە، ژمارەیەکی زیاتر لە خوێندکاران وەردەگرن. ئەمە سەرەتایەکی باشە بۆ بڵاو کردنەوەی هونەری شێوەکاری و برەودان بە هونەری شێوەکاری و پێگەیاندنی شەیدا و بەهرەدار و مریدانی ئەم بوارە. هەڵبەت ئەمەیان هەنگاوێکی بەرایی و لە هەمان کاتدا بنچینەییشە. لە پاڵ ئەوەشدا، دەبێ کار بۆ نزیك کردنەوەی هونەری شێوەکاری لە هەموو کایەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان بکرێت. ئەو بیابانەی ستاتیکا کە ئێستا ئێمە تێیدا دەژین، بەستەڵەکێکی سامناکە، دەبێ تێکی بشکێنین. زۆر پێویستە لە هەر شەقام و گۆڕەپان و چوارڕیان و گەڕەکێك، لە هەر شار و شارۆچکەیەکی ئەم وڵاتەدا، پەیکەر و دیواربەند هەبێت. ئامادە بوونی هونەر لە ژیانی رۆژانەمان خواستێکی ژیان و ژیارە، ناکرێ چی دیَ لێی بێ بەهرە بین.

***دەستەواژەی (هونەرە جوانەکان) هەڵەیە، راستەکەی هونەری جوان، یان هونەرانی جوانە. ئەگەر بمانەوێ بە دروستی بنووسین، نابێ بڵێین پەیمانگای هونەرە جوانەکان، ئەم ناوە لاساییکردنەوەی زمانی عەرەبییە، کە لەگەڵ دەستووری زمانی کوردیدا وێك نایەتەوە. دروست ئەوەیە بڵێین پەیمانگا (کۆلیژ)ی هونەری جوان، یان هونەرانی جوان، یان هونەرەیلی جوان.**







# هویام نازناوی باشترین دایکی بەدەستهێنا

مەریەم ئۆزرلی کە بە سوڵتانە هویام ناسراوە دوای بینینی ئەو رۆڵە میدیاکان بەگشتی گرنگییەکی زۆری پێدەدەن، ئەمەش بە هۆی جوانییەکەی و ئەو رۆڵە جوانەی کە لە زنجیرەی (حریم السلگان) لەگەڵ ئەکتەری ناسراوی تورك خالد ئەرگنش سەرکەوتنێکی بێ وێنەیان بەدەستهێنا، بۆیە میدیاکان هەمیشە بە دوای بچوکترین هەواڵیدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی خوێنەر و بینەری خۆیانی پێ زیاد بکەن.

مەریەم بە رەچەڵەك تورکییە، بەڵام لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی، ساڵی پار هەواڵی منداڵبوونی گرنگییەکی زۆری پێدرا و زۆر باس لە کچەکەی و بڵاوکردنەوەی وێنەکانی کرا، بەم دواییە گۆڤارێکی تورکی راپرسییەکی ئەنجامدا بۆ دەستنیشانکردنی چالاکترین دایك لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە راپرسییەکەدا مەریەم ئۆزرلی نازناوەکەی بەدەستهێنا. سەرنووسەری گۆڤارەکە لەبارەی ئەم نازناوەوە وتی: هەڵبژاردنی مەریەم بۆ بەدەستهێنانی ئەم نازناوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مەریەم بەردەوام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی لەسەر فەیسبوك و ئەنستگرام هەستی دایکایەتی خۆی بڵاو دەکاتەوە و لە پێوەندی بەردەوامدایە لەگەڵ هەوادارنی.

لەلایەکی دیکەوە بەم دواییانە مەریەم سەردانی دوبەی کرد بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری هەرچەندە هۆکاری سەردانەکەی رانەگەیاند، بەڵام لە فەیسبوك و ئەنستگرام نووسیبووی: لە دوبەی گەڕامەوە شوێنێکی زۆر خۆش و دڵگیرە ئەمە یەکەم جارە سەردانی بکەم، بۆ سەردانی دوبەیم کردبوو؟ چاوەڕوانی سوپرایزێك بن بەم نزیکانە رایدەگەیەنم.

## سۆناکشی و مالیکا هەرایەکی گەورەیان لە نیپال نایەوە

میدیاکانی وڵاتی نیپال لە کاتماندۆی پایتەختی ئەو وڵاتە هێرشێکی بەهێزیان کردە سەر سوپای وڵاتەکەیان و رەخنەیەکی زۆریان لێی گرت بەهۆی پێشوازی کردنی لە هەردوو ئەستێرەی بۆلیۆد سۆناکشی سینها و مالیکا ئۆرۆرا خان ئەم کردارەیان بە کەم کردنەوە لە هەیبەت و نازناوی سوپاکە وەسف کرد.

ئەم دوو ئەستێرەی بۆلیۆد لەلایەن کۆمەڵەیەکی خێرخوازییەوە بانگهێشت کرابوون کە هاوسەری فەرماندەی سوپای بیپال بەرێوەی دەبات بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکە بۆ قوربانیان ئەو بومەلەرزە بەهێزەی کە پار ساڵ لە وڵاتەکە روویدا، بەشێك لە میدیاکان ئەم دوو ئەکتەرەیان بە پاڵەوانی ئابرو چوون و بێ رەوشتی وەسف کرد کە نەدەبوایە سوپا لە فڕۆکەخانە بە رەسمی پێشوازییان لێ بکات، و لە راپۆرتەکانیاندا هێرشێکی توندیان کردە سەر سوپا و فەرماندەکانی بەتایبەتی دوای ئەوەی بە رەسمی پێشوازیی لێیان کرد و رایانگەیاند کە ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی لەق بوونی بناغەی سوپا و لە گەورەیی و کەرامەتی کەم دەکاتەوە.

بەڵام سەرەڕای ئەو رەخنە زۆرە وتەبێژی فەرمی سوپای

# ماریا: جنێڤەر لۆپێز ناناسم





گۆرانیبێژی ئەمریکی ماریا کاری لە میانەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا سەبارەت بە هەریەکە لە جنێڤەر لۆپێز و نیکی میناگ کە بە دوو رکابەریی دادەنرێن وتی: تەنیا لە دوورەوە ئەوانم بینوە. لە میانەی بەرنامەی (What Happens Live) ماریا باسی لە زۆر لایەنی ژیانی هونەری و تایبەتی خۆی کرد لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بە جنێڤەر لۆپێز نیکی میناگ بە تورەییەوە وتی: نایانناسم و هیچی تری نەوت، بەڵام دواتر بێ ئەوەی ناوی کەس بهێنێت بە پێشکەشکاری بەرنامەکەی وت: هیچ لە گۆرانیبێژەکان ناتوانن رکابەرێتیم بکەن و بگەنە ئاستی من، شایەنی باسە لە میانەی پێشکەش کردنی دابەشکردنی خەڵاتەکانی (Billboard) و کاتێك ماریا گۆرانی خۆی پێشکەش دەکرد لە ڤیدیۆکەدا جنێڤەریش دەرکەوت کە سەرقاڵی مۆبایلەکەی بوو ئەمەش لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە بەوە لێکدرایەوە کە ئەو ناکۆکییەی لە نێوانیاندا هەبووە ئێستاش بەردەوامە و چارەسەر نەکراوە. بەڵام جنێڤەر کە لە رێگای میدیاکانەوە ئەو هەواڵەی بیست و وتی: من هیچ رۆڵێکم نییە لەو ناکۆکییە و پێشتر بە پێشکەشکاری بەرناکەشم راگەیاندبوو، من لە رێگای دەزگاکانی راگەیاندنەوە ئەو قسانەم بیست کە دەربارەی من کردبووی، بەڵام بە هیچ شێوەیەك چاوم پێی نەکەوتووە.

نیپال لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە سوپا پێیوایە هیچ کارێکی هەڵەی ئەنجام نەداوە بە پێشوازی کردن لەم دوو ئەستێرە و ئەوەی روویدا لەلایەن سوپاوە لە چوارچێوەی هەماهەنگی بووە لەگەڵ پۆلیس بۆ پاراستنی ژیانی ئەم دوو ئەستێرەیە لە کاتی سەردانیان بۆ نیپال.




## جانێ:

# جگە لە گۆرانی وتن لە منداڵییەوە بە ئاواتەوە بووم بۆ نواندن

## خانووی خۆم فرۆشت بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکەم

**خانمە هونەرمەند هۆزان جانێ یەکێك لەو هونەرمەندانەیە کە ماوەیەکی زۆرە لە بواری گۆرانی و موزیکدا خزمەت بە هونەری گۆرانی و موزیك دەکات، بەڵام بەر لە چەند رۆژێك بە فیلمێك لەسەر جینۆسایدی شەنگال لە خولی ٦٩ـەمینی فیستیڤاڵی سینەمایی کان بەشداری کرد. سەبارەت بەم فیلمە و دوایین بەرهەمی خۆی لە بواری گۆرانی و موزیك چەند پرسیارێکمان ئاراستەی جانێ کرد و بەمشێوەیە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** ئەمساڵ لە لە رێگای چ فیلمێکەوە لە «کان» بەشدار بووی، ناوەرۆکی فیلمەکەت چی بوو؟**

- فیلمەکەم لەسەر جینۆسایدی شنگال بوو بە ناوی (٧٤ـەمین جینۆسایدی شنگال) بۆ ئەوەی ئەو تاوانانەی کە تیرۆریستانی داعش لە شنگال دەرهەق بە خەڵکی خۆڕاگری ئەم شارە خۆشەویستە ئەنجامیان دا و بە یەکێك لەو تاوانانە دادەنرێت کە پێشتریش بە درێژایی مێژوو دەرهەق بە کوردانی ئەم شارە ئەنجام دراوە، من سیناریۆی فیلمەکەم نووسی و دوای راوێژکردن لەگەڵ چەندین نووسەر و رۆژنامەنووسی رۆژئاوای کوردستان دوای سێ مانگ لە مەشق و راهێنان توانیمان ژمارەیەك ئەکتەر بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری لە فیلمەکەدا بکەن، دواتر رووم لە ئەڵمانیا کرد بۆ ئەوەی کارەکانی فیلمەکەم تەواو بکەم، بەڵام ئەم فیلمە پێویستی بە برە پارەیەکی زۆر بوو، بۆیە ناچار بووم کە خانووەکەی

خۆم لە ئەڵمانیا بفرۆشم، بەوەش زیاتر لە ٨٠٪ی خەرجییەکانی فیلمەکە لە ئەستۆی خۆم بووە و ئەویتریش بەشی زۆری کچەکەم دابینی کردووە.

*** ئەی بەشداریکردنت لە خولی (٦٩)ـەمینی فیستیڤاڵی سینەمایی کان کە بە یەکێك لە فیستیڤاڵە جیهانییە گەورەکان دادەنرێت، چۆن بوو؟**

- کاتێك فیلمەکەم تەواو کرد، ویستمان لە فیستیڤاڵێکی جیهانی گەورەدا بەشداری پێ بکەین، ئەو کاتە وەرگرتنی فیلم لە فیستیڤاڵی کان کۆتایی پێهاتبوو، بەڵام شانسێکیان بە ئێمەدا کە بریتی بوو لە وەرگرتنی فیلمەکە لە ئاستی نمایشی تایبەت کە لە هۆڵە تایبەتەکانی کان ئەنجام دەدرێت.

*** لە فیلمەکەدا رۆڵی خۆت نواندن بوو، یاخود تەنیا گۆرانیت وتووە؟**

- جگە لە نووسینی سیناریۆ و بەرهەمهێنانی فیلمەکە، من رۆڵیشم تێیدا هەیە وەکو نواندن، موزیکەکەشی لە ئەستەنبول تۆمار کراوە و ژمارەیەك گۆرانییەکانی منیش لە فیلمەکەدا هەیە، هەروەها ئەرکی بڵاوکردنەوەی فیلمەکەش من لە ئەستۆم گرتبوو، لە رێگای کەسێکی کورد لە پاریس کە کاری بڵاوکردنەوەی فیلم و ناردنیان بۆ فیستیڤاڵە جیهانییەکان ئەنجام دەدات، تا ئێستا بۆ زیاتر لە ٨ فیستیڤاڵ نێردراوە، یەکەم بەشداریکردنی فیلمەکە لە فیستیڤاڵی کان بوو، بەشی نمایشی تایبەت و لە رکابەرێتیدابوو لەگەڵ فیلمی چەندین وڵات، ئێستاش بڕیارە لە فیستیڤاڵی مۆناکۆ بەشداری بکەین.

*** گرینگی فیلمەکە بۆ خۆت لەچیدایە، بەتایبەتی کە دەربارەی کارەستانی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدییە لە دەڤەری شنگال؟**

- بۆ من هەر چوار پارچەی کوردستان وەك یەکن و هیچ جیاوازیان نییە، من دەمەوێ خەمەکانی مەهاباد و قامیشلۆ و دیاربەکر و هەڵەبجە و ئەنفال و کیمیاباران و خەباتی کوردانی هەموو جیهان و ئەو زوڵم و زۆردارییەی چەشتوویانە لە رێگای ئەم فیلمەوە کە بەشێکی کەمە بە ٦ ملیار کەسی جیهانی بگەیەنم بۆ ئەوەی جیهان لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی کوردان ببێ و بێتەدەنگ لە هەمبەر ئەو نەهامەتییانەی کە بەسەر ئێمەدا هاتوون.

**● لە بواری گۆرانیوتن بە هونەرمەندێکی سەرکەوتوو ناسراوی، چۆن بوو بیرۆکەی فیلم بە خەیاڵتدا هات؟**

- بێگومان پێشتریش ئەو بیرۆکەیە لە مێشکمدا هەبوو، لە یەکەم سەردانم بۆ باشووری کوردستان کە لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بوو، لەوێ پرسیاریان لێکردم دەربارەی خەونەکانم وەکو هونەرمەندێکی کورد، بە ئاشکرا پێموتن خەونی هەرە گەورەم ئەوەیە رۆژێك لە رۆژان لە فیلمێکی کوردیدا رۆڵم هەبێت و بەشدار بم، من زۆر حەزم لە فیلم بوو، ئەوەش بە لای منەوە شتێکی گرینگ بوو، پێشتر زۆرم دەربارەی سینەما و ئەکتەری سینەمایی و چۆنیەتی نواندن خوێندبوو، ئەم فیلمەش بووە دەرفەتێك بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی پراکتیکی خەونەکەم بەدی بێنم، پێموایە ئەوەی پێشکەشم کردووە، زۆر سەرکەوتوو بووە، هیوادارم لە دوارۆژیشدا بتوانم زیاتر پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم، من گەشبینم بەوەی کە دەتوانین ئێمەش لە نێو وڵاتانی جیهان دیار بین و لە رێگای فیلمەکانەوە دەنگی خۆمان بە جیهان بگەیەنین.

**● دوور لە سینەما ئێستا لە بواری گۆرانی و موزیك چی نوێت هەیە؟**

- سەرەڕای بارودۆخی ناهەمواری ئێستا، من لە ماوەی پێنج مانگدا توانیم دوو ئەلبووم بڵاوبکەمەوە، یەکەمیان چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری رادیۆی یەریڤان بوو، بۆیە بە (رەنگی یەریڤانێ ب دەنگێ جانێ) بڵاوکرایەوە کە هەر هەموویان گۆرانی کلاسیك بوون، ئەوەی دووەمیشیان بە ناوی (گوڵی چیا)یە کە سێ هونراوەی فۆلکلۆرن و یەکیان تێکستی سەرکان حەکیم-ـە، ئەوانی دیکە هەموویان تێکست و ئاوازی خۆمە. بەشێوەیەکی گشتی هەست دەکەم هەر دوو ئەلبوومەکەم سەرکەوتوو بوون، من خۆم بەشێکی زۆری سیدییەکانم لە رۆژانی فیستیڤاڵی کان بە سەر نووسەر و ئەکتەر و سیناریستانی جیهانیدا دابەش کرد، کەڤەری سیدییەکە بە زمانەکانی کوردی، تورکی، ئەڵمانی، فەرەنسی نووسراوەتە، هەروەها هەوڵمداوە لە رێگای وێنەکانی سیدییەکەوە جلوبەرگی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان نیشان بدەم.

**● لە کارەکانتدا تا چەند گرنگیت بە گۆرانی فۆلکلۆری داوە؟**

- بێگومان گۆرانی فۆلکلۆر ناسنامەی گۆرانی و فەرهەنگ و کەلتووری کوردییە، بەرهەمهێنانی گۆرانی نوێ و مۆدێرن شتێکی جیاوازە، ئەوەی فەرهەنگ و زمان و کەلتووری میللەتی ئێمەی پاراستووە تەنیا گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانە.

*** پێتوایە هونەرمەندانی کورد وەکو پێویست گرینگییان بە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان داوە؟**

- لە ساڵانی رابردوودا هونەرمەندانی کورد هەموو جۆرە هونەرێکی مۆدێڕنیان پێشکەش کرد، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەوەیە کە خەڵك لەم ٣-٤ ساڵەی دواییدا حەزدەکات گوێ لەو کەسانە بگرێت کە هونەرمەند بن لە هەموو روویەکەوە و دەنگیان هەمیشە بە زیندوویی بمێنێتەوە. بێگومان ئەوانەش لە ئێستادا ژمارەیان کەمە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بە بەراورد لەگەڵ ١٢ ساڵی رابردوو، ئەوەی هونەرمەندان پێشکەشی دەکەن، کارێکی باشە و خزمەت بە هونەری کوردی دەکات.

